بە قسەکردن لەو چەمکانە واتە (گومان و پرسیار و پارادۆکس) ، پەیوەست دەکات بگەڕێنەوە بۆ ئەفسانە و فەلسەفەی یۆنانی کۆن ، چونکە لەوێو شارستانیەتی ئەوسای گریک ئەفسانەکی سەرەکی و گرینگی هەبوو تەنانەت سەرچاوەو بنەمایەکیش بوو بۆ فەلسەفەی گریک ، لەوێو ئەفسانەکانیش دا (ئیلیادە و ئۆدیسە)ی هۆمیرس . کە بە چەی ئیشی لەسەر گومان و وەوژاندنی پرسیار و دوالیزمی هاودژ دەکرد . چونکە قارەمانەکان تەکەڵاویەک بوون لە مرۆڤ و خوداوەند یان دونیای میتافیزیکی ڕۆحانی و دونیای مادی ، هەروەک لە کۆمەکەی د. شاهە سەعید بە ناوی (جواناسی گریکی لە ئەفسانەوە بۆ فەلسەفە) ، کە لەوێدا باس لەوە دەکات کە (پرسیار و وتووێژ یەکێکن لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەفسانە .. یان دەڵێ قارەمانەکانی نێو ئەفسانەی گریک هەمیشە کەسێکی نیگەران و پڕ گومان بوون ، نەک هەر لە حیوار دابوون لەگەڵ کاراکتەرەکانیتر بەڵکو ، لەگەڵ خوداش لە وتووێژ دابوون تەنانەت هێندجار ڕۆخنەیان لە بڕیارەکانی خودا دەگرت ..!) ، بە مانایەک ئەوەش هەمایە بۆ حەقیقەتی(ڕۆژهیی نەک حەقیقەتی ڕۆها) ، ئەفسانەی گریک هێندە کاریگەری هەبوو بەسەر بیرکردنەوە و بونیادی فەلسەفەی ئەوکات بۆ ئەندازەیەک گەورەترین پرسیاری لای فەیلەسوفەکان دروست کردووە ، بەشێک لە فەلسەفەی(سوقرات و ئەفلاتوون) وەڵامدانەوە بووە بۆ پرسیارانە . یان ئیشکردن لەسەر ئەو پارادۆکس و دوالیزمە هاودژانەی وەک خێر و شەڕ ، نەر و مێ ، ووناکی و تاریکی ، ڕۆح و جەستە و زۆریتر ، ئەو چەمکانە لە دەورانی پێش مۆدێرنە بۆ تایبەت لە شیعر و ئەدەبیاتی قوتابخانەکانی (ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم) وەک پێویست کاریان لەسەر نەدەکرا ، هەکارەکەش لەو دەورانە لەژێر کاریگەری ئایین و

ئایدیالیزیاکانەو باوەڕیان بە تاکەوی و حەقیقەتی تەها هەبوو ، ئەمەش مانایەک بە گومان و پرسیار ناهەقەتەو ، لەلایەکیتر لە دەورانی ڕەمانسیزم و ڕیالیزم زیاتر پەیوەندی نووسەرەکان بە دونیای دەرەوە بوو ، ئیشکردن لەسەر دونیای واقیع و سروشت و جیهانی دەرەوە ، کەمتر پەیوەندییەکان هووە و ناوەوە بوون . بۆیە داهێنان و هووبەری جوانی لەم قوتابخانانە دەگەنە ئاستێکی وەستان و چەقبەستوو ، بەمانایەک لە پەیوەندی نێوان ژیرخان و سەرخانی کەمەگە ،، ئەدەب و هونەر وەک ڕەگەزێکی سەرکی سەرخانی کەمەگە دەگاتە ئاستێک بۆتایبەت دوای شەشی فەرەنسا و پشکۆتنی شارستانییەت و دروستبوونی شار و گەشەی مانیفاکتەرکان و ئامرازکانی بەرهەمهێنان ، ئەدەب و شیعری ئۆکات لەچاو پشکۆتنکان لەدواوە دەبێت ، بۆیە ئەدەب و هونەری ئۆکات وەک بشێک لەسەرخانی کەمەگە لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجە و ئەم ئالوگۆڕانە نەیتوانی وەڵامدەرەوە بێت هاوکات بەهەی داهێنانکانی(سیگمەند فرەید)یش بە تایبەت شیکردنەوەی خەونکان ،، کاریگەری زەی دانا لەسەر ئۆەی ئاراستە و پەیوەندییەکان هووە و ناوەوە بەرەو خەون و هووبەری ناخودئاگایی و گەشەدان بە زمانی شیعر و نووسین لە ڕێگای بەکارهێنانی هێما و وێنە و میتافەرەو . بە ئۆەی ئەدەب و هونەریش لەگەڵ هەوتی ئالوگۆڕکان هاوتەریب بێوات و دوانکەوێت ، بە دیدگا و میتۆد و بیرکردنەوەی نوێ بە زمان و بەرجەستەکردنی جوانی لەئاستێکی بەرز .. لە سەدەی نۆزدەیەم لەژێر کاریگەری بیرکردنەکانی ڤیکتەر هوگۆ هەبازی (هونەر بە هونەر) دامەزرا ، پاشان قوتابخانەی پارناس ، دوای ئۆەی بەدلەر و هاورێکانی وەک ، مالارمی و ڤارلین قوتابخانەی (سیمبولیزم) یان دامەزراند ، دوای ئۆەی هەر لە فەرەنسا دادایەکان و سوریالیستەکان پەیدا بوون ، ئایندەییەکان لە ئیتالیا و فۆرمالیستەکانیش لە ڕووس . خاڵێکی هاوبەش لەنێو ئەو قوتابخانانەی دەورانی مەدەرنە ئۆەبوو بشۆەیەکی جیاتر ئیشیان لەسەر زمان دەکرد بە شۆەیەکی گۆەهەری گرینگیان بە زانست و بونیادی زمان و جوانناسی دەدا ، هاوکات لە قوتابخانە ئەدەبیەکانی دەورانی مەدەرنە بەجۆرێک لە جۆرەکان گەیشتنۆەیەک بوو بە شارستانیەت و ئەفسانە و فەلسەفەی گریک ، بەتایبەت لە پەیوەند بە چەمکەکانی گومان و پرسیار و دوالیزمە دژەکان (پارادۆکس) و گونجاندنی ئەم دوالیزمانە بەیەکۆە ، دواتریش لە دەورانی پۆستمەدەرن ئەم چەمکانە لەنێو شیعر و ئەدەبیات دا تەختر ئیشیان لەسەر کرا و بە تایبەت (گومان) و بیرکردنەوەی (ئەژەیی) گرینگی زیتری پێدرا ، بەتایبەت دوای ئۆەی بیردۆزی ئەژەیی لای(ئانیشتایین) داهێنرا ،

چەمکەکانی گومان و پرسیار وەوژاندن چوونە ئاستێکی باڵاتر لەنێو ووبەری زمان و بیرکردنەوەکان چوونە ئاستێکی سەرووتر ، بەچیش لە پەستمەدەرنە ئەو چەمکانە گرینگی زێتریان پەدرا چونکە لە دەورانی مەدێرنە چەمکەکانی گومان و پرسیار و بیرکردنەوەی ئاژیی پاشکشیان پێکرابوو ، واتە کەمتر پێیانو دەکران ، گوتاری تاکڕەوی شوێنی گوتاری فرە ڕەهەندی گرتبوویەوە ، لەژێر کاریگەری ئایین و ئایدیۆلۆژیەکان ، (یەک قسەکەر و یەک چیڕۆک و یەک ئەفسانە) باوی هەبوو ، بەمانایەک گەیانەوە بە حەقیقەتی ڕەها ، هەربۆیە لەم دەورانە دوو جەنگی جیهانی هاتنە ئارا و چەندین دیکتاتۆر سەریان هەڵدا وەک (هیتلەر و ناپلیۆن و مسۆلینی …) ، ئەمانە لەژیر کاریگەری و بیرکردنەوەی تاکڕەوی و تۆتالیتاریستانە ئیشیان دەکرد ، بۆیە لە سەردەمی پەستمەدەرنە دووبارە گرینگی بە بیرکردنەوەی ئاژەیی درایەوە و گومان لە ئاستێکی بەرین و بە چەی ئیشی لەسەر کرا ، بەو مەبەستەی حەقیقەت لە یەککاتدا لای هیچ کەسێک و لای هیچ ئایین و ئایدیۆلۆژیایەک نییە ، ئیش لەسەر گوتار و ئارگومێنتی فرە ڕەهەندی کراو (پێکەوە ژیان) جەگەی سەرکوت و ڕەشکردنەوەی ئەویتری گرتەوە ، تا ئاستی ئەوەی چەمکەکانی (گومان و پرسیار و پارادۆکس) هاوکات لەگەڵ گەمە زمانەوانییەکان بوون بە پێکهاتە و سیمای شیعری پەستمەدەرنی . هەر لەوەی سوقرات دەڵێ (مرۆڤ هیچ نازانێت پەویستە خۆی فێربکات) ، یان ئەلبێرت کامۆ لە (ئەفسانەی سیزیف) لەشوێنێک دەڵێت (ژیان خالییە لە مانا ..!) ، ئەم ڕوانگە و تێڕوانینانە گەورەترین گومانن بە مرۆڤ و ژیان و دونیای دەرەوە . ئەم چەمکانەش پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکدا هەیە ، چونکە هەموو پرسیارێک گومانێکی گەورەی لە پشتە هەموو گومانێکیش مەعریفە و وشیاریەکی گەورەی لە پشتە هاوکات ، پارادۆکسیش واتە گونجاندنی چەمکە دژەکان بەیەکەوە و دروستکردنی پەیوەندی و هارمۆنیایەک لە نیوانیان بە مەبەست و ئامانجی دیاریکراو ، ئەمەش لە مەعریفەیەک و گومانێکی قووڵ سەرچاوە دەگرێت ، چونکە لە ئەنجامی هەڵنەکردن و نەگونجانی هاودژەکان ژیان و پەیوەندییەکان دەچنە بارێکی نا تەندروست و توندوتیژی بڕەوی پەیدەکات ، هەروەک فرۆید لە داهێنانی چەمکەکانی (ئیرۆس و سانات‌ۆس) واتە (ژیاندۆستی و مەرگدۆستی) کە پێیوایە لە بیرکردنەوە و مەشکی مرۆڤ ئەم دوو چەمکە بە شێوەیەکی تەریب ئامادەییان هەیە و لە غیابی هەر یەکێکیان مرۆڤ تووشی ناڕێکی دەروونی دەبێت ، ئەم چەمکانەش لەنێو زمانی شیعریدا جوانیەکی بەرچەستە دەکەن ، لەپاڵ ئەم چەمکانە (یاخیبوون) یش ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لەنێو داهێنان و نوێگەریدا ، چونکە هیچ

نووسەر و شاعیرێک ناتوانن نوێگەر بن ئەگەر کەسێکی یاخی و بە گومانەوە لە ئەدەبی خەیان و دەوروبەریان نەڕوانن ، وەکچۆن(یاخیبوون و نوێگەری) دوو چەمکی هاوتەریب و ئاوەزانی یەکترین و چەمکەکانی (گومان و یاخیبوون)یش بەهەمانشێوە ، وەکچۆن کامە لە کتێبی (مرۆڤی یاخی)دا دەڵێت (مرۆڤی پووجگەرا ، دواتر یاخی ، باوەڕی بە هیچ بەوایەکی نەها یان بوونەوەر و یان مرۆڤکی نەها نییە ، بەڵای ئەوەو حەقیقەتکان نەژیین نێک نەها..!) هەروەک لە پێشتر باسمان لێوە کرد کە ڕوانین بە دیدی حەقیقەتی نەژیی یانی ڕوانین بە دیدکی گوماناوی ، بۆیە دەبینین چەمکی یاخیبوون و گومانیش هاوتەریب و نەکن بۆیەکەوە ، ئینجا بەدوای ئەم دەستپێک و سەرتایەمان لە بارەی چەمکەکانی باسمان کردن ، دەین خوێندنەوەیەک بۆ چەند شیعرێکی (ئیمان یادەوەری) شاعیر دەکەین ، هەوەدەدەین لەنێو شیعرەکانی دیوە شاراوەکان و کاریگەری ئەم چەمکانە لەنێو زمانی شیعری ئەم شاعیرەمان بەدەربخەین . ئیمان یادەوەر شاعیرێکە ئەزموونێک و تەمەنێکی کورتی هەیە لەنێو دونیای شیعر ، نزیکەی(پێنج) ساڵێکە دەنووسێت و شیعرەکانی لە سۆشیال میدیا و لە هەندێک لە نەژنامە و سایتەکان بڵاودەکاتەوە ، شاعیرێکی لاوە و بەم تەمەنە کورتەی توانیویەتی چەندین دەقی شیعری ناوازە و جوانمان پێشکەش بکات (لەوانە دەرد لەبەرد کەوتووە تەش لەمن ، جەستەی ژیان بە دەمی مەرگەوە ، پەم لە هیچ ، شانەی مەرگ ، خەم لەتە دادەکەنم ، بەم دواییەش زەوی شاعیرەکان و چەند دەقێکی تر) ، ئیمان یادەوەر تا ئیستا دوو خەڵاتی وەرگرتووە ، لە ڤیستیڤالی (شەن) بە شیعری (خەم لەتە دادەکەنم) خەڵاتی دووەمی وەرگرتووە ، لە ڤیستیڤالی (مەلای جەباری) بە شیعری (زەوی شاعیرەکان) بە هاوبەشی لەگەڵ دەقێکی تر خەڵاتی یەکەمیان وەرگرتووە . ئیمان یادەوەر بە شێوەیەکی بەرچاو ئیشی لەسەر چەمکەکانی (گومان و پرسیار و پارادەکس) کردووە ، تا ئاستی ئەوەی سیمایەکی جوانییان بە شیعرەکانی بەخشیوە ، هاوکات وەک شاعیرێک و بوونێکی یاخیش دەردەکەوێت لەنێو دەقە شیعرییەکانی ، ئەمەش تا ئاستێکی باش جیای دەکاتەوە لە شاعیرانی هاوتەمەن و سەردەمی خۆی ، دەتوانم بڵێم بە دیدێک و فۆرمێکی جیاوازتر دەنووسێت ، شاعیرانەتر ماملە لەگەڵ زمان دەکات ، قووڵتر مامەڵەستەکانی دەردەبڕێت ، مامەڵەستەم ئەوە بەم ئەو شاعیرەمان بە سەرتایەکی جوان دەستی پێکردووە توانایەکی شاراوەی شیعری نایابی تیا دەبیندرێت . هەوەدەدەین لەم لێکدانەوەمان خوێندنەوە بە چەند شیعرێکی بکەین .

_ شیعری (دەرد لەبەرد کەوتووە تەش لە من)

گەر لەم تایتڵە بڕوانین ، دەستەواژە و دەربڕینێکی شیعری نایاب و

جوان دەبینین ، شاعیر زیرکانە دوو وشەی نەخشاندووە ، وشەیەک (کوتنی ئاو لەخای) ، وشەیەکیتر (کوتنی دڕد لەبڕد) ، بە مەبەستیش جگەکی بە شوشنی وشەکان کردووە ، بەمانایەک وشەی دووەمی بە ئاوە نەخشاندووە تا ناوەڕۆک و قووڵایی هەماکانی وشەی یەکەم پشان بدات ، مەبەستیەتی بڵێت / کوتن و جیابوونەوەی تە لەمن وەک دڕد و ئازارکانی بڕد وایە یان وەک کوتنی دڕد لەبڕد وایە ، واتە کوتنی تە لەمن هەندە ئازارکی بسیە بڕدیش دشتە قسە و ئسف و غەمگینە بم ، لەتاو ئەم کوتنەی تە دڕد و ئازاری لەدکەوت ، دەمەنکی شیعری جوان دڕبینەکی شیعری و ماناو مەبەستکی قووە . ئیدی ئەم ئازار و وشە شیعرییە پ لە ئیستاتیکایە دڕوازیەکە بە چوونە نێو دقە شیعرییەکە ، لە سڕەتای دقەکە دڵێت :

گریانک بە گڕوومەوە لکاوە
نازانم لە دەمەوە سڕدکەوت بە سڕم
یاخود لە سڕەوە دیەوت بگاتە دەم
قوگی گرتووم دەمەوت بڵم من کەم .. ناتوانم
دنگم لە ئشکوتی سڕمدا دنگ دداتەوە
لسڕ ئەم دیواری ونبوونە دنووسم بمدزڕەوە
بڵام ئاوی ونی کردم نایخونتەوە …!

کوتنی ئاو لە خای ، ئازارکی هندە قووە بوو پی کردووە لە نیگڕانی و گومان ، هەموو شتکی بیر بردتەوە تانانت ناوی خیی و شوناسی خیشی ، (دەمەوت بڵم من کەم ، بڵام ناتوانم !) ، چونکە هندە نیگڕان و نائومدە هەموو شتکی بیرچتەوە تانانت ، ئاو گومانی بە گڕووی لکاوە نازانە لە دیەوە سڕدکەوت بە سڕی یان لە سڕیەوە دگاتە دی ؟ ، هاوکات قوگی گرتووە و ناتوانت هیچ بڵت ، لەلایکیترەوە دنگی لە ئشکوتی سڕی دنگدداتەوە ، سدای دنگ دانەوکە وەک ئاوە وایە سڕی لنو گڕاوی دنگدانەوە وەک گژن لوول دخوات ، لناو نائومدی و ئەم ونبوونە دنووست / بمدزڕەوە ! بڵام حیف .. ئاوکسی لەو بڕبتەوە ، ئاوی ئەمی ونکردووە نایخونتەوە ! شاعیر وردە وردە و قووتر ئەم نیگڕانی و ئازارکانی کوتنی ئاو لە خای پشان دداد و لە دیمنی دوای ئاوە دڵێت :

وشکان لسڕ زارم بوونە بڕد
ئەم دیواری وشانە تا عڕش بڕز بوونتەوە
نە ئجل دیەوخنت و نە هاودەک دیکات بە کشک
دنگک بە پڕدی گوێکانمەوە نووساوە
با دونیا بیبیستت من نایبیستم

ئەوەی بانگم دەکات با دەی بنەڕەت نەک دەنگی !
لە پشتی ئەم دیمەنە شیعرییەش گومانێکی گەورە هەست پێدەکرێت ، گومان لەوە دەکات ئەو کەسەی خەشیویستووە ئاگاداری چیڕۆکی شەونخونی و بێداری و خەم و ئازاری ئەو بێت ، گومان دەکات چیڕۆکی ئەم عەشقەی ئەو بووبێتن بە بەشێک لە خەیاڵ و خەمۆکانی ئەو ، وشەکانی ئەم عەشقەی ئەم باوەشیان بە ناکاتەوە و لە دەفتەری یادەوەری خەی نایان نووسێتەوە ، بەیە وشەکانی بستێک لێی دوورناکەونەوە هەر لەسەر زاری خەی دەمێننەوە و دەبن بە بەرد ، دەبن بە بەرد و دیوارێک دروست دەکەن ، دیوارەکەش تا عەرش بەرز دەبێتەوە ، ئیتر ئەمیش نائومێدانە هەر دەبە سەیری دیوارەکە و بوون بە بەردی وشەکانی بکات و ئەو خەمەش سەراپا جەستە و مەشکی داگیرکردووە ، کە نە ئەجەل دەیکوژێت و نە کەسیش دیوار و بەردی وشەکانی دەکا بە کەشک ! دەنگەکیش بە پەردەی گوێیەکانی نووساوە ، ئەو بە گومانە لەوەی ئەو دەنگە هی ئەو بێت بەیە گومانەکەی بەوە دەردەخات و دەڵێت : دونیا دەیبیستێت بەڵام من نایبیستم ، بە ئەسفەوە دەڵێت : ئەوەی بانگم دەکات با دەی بنەڕەت نەک دەنگی ! ، هەنگە ئەو دەنگە تەنها گومانێک بێت و هیچیتر ، شاعیر لەنێو قووڵاییەکاندا زێتر بەنێو ململانێو کێوتنی ئەو لەخەی دەچیتە خوارەوە و دەڵێت :
سەبەرێک هات و جێی هێشتم
هەنگی خوێنم تاریک بووە
بەو چەکوشەی دووری پیای کێشام
لە سەرمدا جگە لە دەنگدانەوەی دەنگی بریندەکانم
هیچیتر نابیستم !
دیمەنێکی شیعری جوان و گومانێکی قووڵ .. لە دیمەنی پێشوو نیگەران و بە گومانە لەوەی وشەکانی بگەن بە ئەو و ببن بە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی ئەو ، یان گومان لەو دەنگە دوورانە کە دەگاتە گوێی ئەو نایبیستێت ،، لەبەر گومانەکانی تەختر دەردەخات نیگەرانیەکانی قووڵتر دەبنەوە بەوەی (هەنگە ئەوکەسە هەربوونی نەبێت ! یان کەسێکی خەیاڵی و وەهمی بێت ،، بە سەبەر وێنەی دەکات ، سەبەریش وێنەی خەیاڵی کەسەکانە دەکرێت وەهمێکی گەورە بێت ، دەڵێت : سەبەرێک هات و جێ هێشتم ،، ئەم جەهێشتنە هێندە کاریلێکردووە هەنگی خوێنی تاریک کردووە ، لە سووڕەوە گەڕاوە بە هەش ، ئەوەش هەمایە بە ئازار و خەمێکی قووڵ ، کە وەک چەکوشێک بەر سەری کەوتووە ئێستا لەتاو ئەم خەم و ئازارە لەنێو سەر و مەشک و خەیاڵیا جگە لە دەنگدانەوەی دەنگی بریندەکانی هیچیتر نابیستێت ..! ئیتر لەنێو ئەم گومان و نائومێدی و خەم و نیگەرانیانە دێت

شاعیرانە پرسیارێک دەوەژێنێت ، دەیەوێت لە پشتی ئەو پرسیارەوە خەمە گەورەکانی کوتنی ئەو لە خەی وێنا بکات و دەڵێت :
دەزانی خەمی چیمە ئەی دەست ؟
بمرم و مردووشەریش نایبینێت
ئەو خۆشەویستییەی وەک خەرمکی زەرد
لە ڕوخساری ماتما هەڵهات
بە دواجار لەگەڵ خەما ئاوابێت !
کاتێک پرسیارەکە دەکات و دەڵێیت ئەی دەست ، دەکرێت ئەو دەستە هەرکەسێک بێت ، ئەوی وەهمی بێت ، ئەوی خوێنەر ، هەرکەسێک ، کەسەکە شوناس و بوونی نادیارە ، شاعیر دەیەوێ لە پشتی پرسیارەکەی ئەو خەمە قووڵە پشان بدات کەوا ،، ئەو خۆشەویستییەی وەک خەرمکی زەرد لە نەو ڕوخسار و چاوەکانی هەڵهات ، ئاوابێت و نەک هەموو خەڵک بەڵکو مردووشەریش نایبینێت ! دوای ئەوە بە هەمان هەناسەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت :
شیعرێک لە سکمایە لەخەم باتر
دەڵێی من منداڵی ئەوم و ئەویش منداڵی جیهان
دەزانم لە دایک ببێت من لە هەناویدا دەدەزنەوە
دەبی ئەم هەموو بریندە بچی دابخەم ؟
پەنا بە کراسی کام گەرانی ببەم ؟
بیکەم بە بەر ئازارەکانمەوە
خەمەکان منیان لەخە هەڵکەشاوە …!
خەی ئەگەر لە ڕووی تەکنیکی و زمانەوانی سەیری بکەین ، وا دەزانین ناڕێکییەک یان هەڵەیەکی تەکنیکی و زمانەوانی هەیە ، چونکە شوێنی لە دایکبوونی شیعر مەشک و ڕووبەری خەیاڵێ نەک سک .. بەڵام شاعیر وەک کچێک یان ئافرەتێک ، هەستی مەیینەی خەی و کردەی منابوون وێنا دەکات ، شیعر هێندە لێیەوە نزیکە وەک کەرپە و جگەرگۆشەی خەی خۆشی دەوێت و لێی دەڕوانێت ،، دەربەینی ئەم هەستە مەینەیش دواتر قسەی زێتری لەبارەوە دەکەین ، ئیدی کەرپەیەکی شیعری لە سک و منداڵدانییەتی ، دەڵێی من منداڵی ئەوم و ئەویش منداڵی جیهان ،، لەڕ دەیەوێت لە پشتی ئەم دەربەینەوە باسی گەورەیی و بەرینی ڕووبەری شیعرمان بە بکات ، وەک ئەوەی ئەمە لە نووسینەکانمان هەمیشە تاکیدیمان لەوە کردەتەوە کە شیعر بوونکی گەردوونی هەیە ، ئەویش دەیەوێت مەبەستکی لەو شەوە بە تەعبیر و دەستواژەکانی خەی دەربڕێت ، دەیەوێت پەمان بێت ،، لەگەڵ ئەوەی ئەو شیعرە لەنەو سکی منداید ، بەڵام هێندە دە میهرەبان و گەورەیە ڕێگە دەدات من لەنەو ئەودا قسەکانم و خەم و ئازار و نیگەرانیەکانم دەربەم و وەک ئەوەی من منداڵی ئەو بم و ئەویش منداڵی هەموو جیهان ، کە مەبەستی

ئەو هەوبەرە گەردوونییەی شیعر . دواییش دەوت ئەم بوونە گەردوونیە وەکو شاعیرێک بکات بە شوناسی خۆی و دەڵت ، دەزانم گەر لەدایک بێت و من لە هەناویدا دەدزنەوە ! ، خۆی منداڵ بە دایک و باوکی دەناسرێتەوە ، کاتێک پێچەوانەکەی ڕاست دەبێت ئەوکاتە منداڵەکە داهێنانێکی گەورە بکات یان لەشوێنێکی بەرز و بڵند و دیار بێت ، ئێ ئەویش دەڵت ، ئەو منداڵەی لە سکمایە و لە خەم باڵاتر ، وەک ئەوەی من منداڵی ئەو بم و ئەویش منداڵی جیهان ، مادەم وەک منداڵی جیهان وایە کەواتە شوناسی ئەو منداڵە کە شیعرە لە ئاستێکی بەرز و وەک بوونێکی گەردوونی وایە . ئیتر دەیەوێت ئەو بوونە گەردوونە بکات بە شوناسی خۆی بەوەی کە دەڵت ، من لە هەناویدا دەدزنەوە ،، ئێ بگومان نیشتیمانی شاعیر هەناو و ماڵی شیعرە . دوای ئەوە دوو پرسیاری یەکبەدوای یەک دەکات و دەڵت : دەمی ئەو هەموو بریندە بە چی دابخەم ؟ پێنا بە کراسی کام گەرانی ببەم ؟ ئەمە گوتمان هەموو پرسیارێکی گەورە گومانێکی گەورەی لە پشتە ، ئەوتا لە پشتی ئەو پرسیارانە گەورەترین گومان و خەم و نائومێدی دەبینین .. ئاخر دەشداماوە ! نازانێت دەمی ئەم هەموو بریندانەی بەچی دابخات و بەدەنگیان کات ، یان پێنا بە کراسی کام گەرانی بەرێت ؟ لەرە مەسیقا و گەرانی وەک هەما و هەکارێک بە ئارامکردنەوەی ناخ و دەروون بەڵام ئەو خەمکانی هەندە گەورەن نازانێت کام میلەدی و گەرانی ئارامی دەکاتەوە ، چونکە خەمکانی هەندە گەورە و بەسەن ، ئەو هیچی بە ناکرێت چونکە خەمکان ئەویان لەخۆ هەڵکێشاوە ، واتە هیچ کراسێک ئەو ئارام ناکاتەوە چونکە خۆی بووە بە کراسی خەمکانی ! شاعیر لە دیماهی شیعرەکەی لەناو هەمان گومان دەمێنیتەوە بەڵکو قووڵتر تێعبیری لەدەکات و دەڵت :

دەزانم پێش پیر بوون
لەچی هەزار و یەک خەیاڵت
وەک مشار پێستی ناوەوەم دەبڕێت
بەرلەوەی بمرم .. نا من نامرم
بیرکردنەوە لە تە دەمکوژێت
بەڵام ووون نییە من دەدەڵم
کە ناڕێت ئازەک ، ئەوارانک
گەرانی فیشەکێک
شین بە شایی هەموو خەیاڵکانت ناگەڵت ؟!

لە سەرەتای ئەم کەپلەیە کە کەتایی شیعرەکەیەتی ، بە دەربڕین و جوانیەکی شاعیرانە باس لە ئازارەکانی کەوتنی ئەو دەکات لە خەیدا و دەڵت : دەزانم پێش پیربوون ، لەچی هەزار و یەک خەیاڵت ، وەک مشار پێستی ناوەوەم دەبڕێت ، دیمەنێک و دەربڕینێکی شیعری جوان ،

هێندێ بەنرخ خەمڵکانی وەچووە وەک ئاوەی بەدەم ئازارەکانی وەنێ بکات و دڵیاوەت شتێک لە جێشنی نهێنییەک یان وەسیەتێک بکات و دەڵێت : ئاگادار مەردم بەردەام لەم چرکە ساتە بە ئاگا دێتەوە و نهێنیەکە یان قسەکە تەواو ناکات و وەک هاوارێک دەڵێت : نا من نامرم .. بیرکردنەوە لەتە دەمکوژێت ،، واتە ئەو یەقینە لەوەی بە مردنی خۆیی و مردنێکی ئاسایی نامریت بەڵکو بیرکردنەوە لەو یان جیابوونەوە و کۆتنی ئەو لە خۆیدا دەیکوژێت ! دواتر ئەم شاعیرە مردنە لە وێنەیەکی گوماناوی پێشان دەدات و دەڵێت ؟ کە ناڵێت ؟! هێژێک ئەوارانێک ، گەرانی فیشەکێک ، شین بە شایی هەموو خۆیاڵکانت ناگاڵێت ؟!ئیتر ئەم دیمەنەی دوایی کە هەڵگری پرسیارێکی گەورە و گومانێکی گەورەیە لە هەمانکات ، لە پشتی ئەم پرسیار و گومانەش دیمەنێکی تراژیدی وێنا کردووە ، کە ئاگاری ئەوە هەیە هێژێک ئەواریەک بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت و گەرانی لەرە مەبەستی لە دەنگی فیشەکەکەیە بگات بگەڕێتەوە ئەو ، ئیدی شایی و هەستە خۆشیەکانی لەبکات بە شین .. لە هەمانکات لەنێو هەناوی ئەم دیمەنە تراژیدییە پارادەکسێکی ناوازەی لەنێوان دوالیزمی هاودژی (شین و شایی) داهێناوە ، گونجان و ئاوێتەبوونیان لە یەک هێستە و دەستەواژەی شیعری بە داهێنان و بەرجەستەکردنی هووبارێکی گەورە لە جوانی .

_ شیعری (شانەی مەرگ)

هەروەک ئیمان یادەوەر خۆی دەڵێت ، لە ساڵی ٢٠١٩ ەوە شیعر بەهاودەکاتەوە ، واتە نزیکەی پێنج ساڵێک دەبێت هەوڵەکانی لەم هووبارە چڕبوونەتەوە ، وە یەکەمین شیعریش ئەم شیعرەی سەرەوە بووە بە ناوی (شانەی مەرگ) کە بە ئازار و موعانەتکانی خۆیی و تەواوی کچان و ژنان نووسیوێتی ، وە لەم دواییەش لە گۆڤارێکی ئەلیکترۆنی بە ناوی (ئایندەسازی) بڵاویکردەتەوە هاوکات لە ئەکاونتەکەی خۆیشی لە (فەیسبووک) ، سەرەتا شیعرەکە بەوە دەست پێدەکات و دەڵێت :

من ماڵی خاتوونێک دەزانم
لەوبەر کەنارەکەوە ئازارەکانیت پێدەگات
هێژانە لای بەقاڵەکە
بە کیلۆ خەم دەکڕێ و دڵیخوات
ئەو بە فرمێسک ، فەرش و قاپەکان دەشوات
بە پەڕەی خەزگە خوێنکانی
گەردوو تەزی شووشەی پەنجەرەکە لا دەبات
بە کەپەی ئاگری ناخی خواردن لەدەنێت

کەلوپەلی نەو کەونتەرکەشی ماتن
کە ژانە .. گوێیان لە ئاهوو داخی دەبێت
دیوارەکان نەفرەت لە خەیان دەکەن
کە دەبینن
وەستاون لە جێی خەیان هیچیان بۆ ناکرێت ..!
بەر لەوەی باس لە ناوەڕۆک و مەبەست و زمان و دەستەواژە شیعریەکانی ئەم دەقە بکەین ، بۆ پێویستی دەزانم بۆ وەبیرهێنانەوەی خوێنەر باسی بابەتکی گرینگ بکەم ئاویش ، بابەتی (شیعر و گێندەر .. ڕەگەز) واتە پێوەندی شیعر و ڕەگەز یان (ئەدەبی ژنانە و ئەدەبی پیاوانە) ، ئەمە لە زەر شوێن لە نیو کتێب و وتار و دیمانەکانمان ، ئەم پێلینکردنەی شیعرمان بۆ ناوی شیعری ژنانە و شیعری پیاوانە ، یان پێلینکردنی شیعر لەژێر هەر کاریگەریەکیتر بێت بۆ نموونە (ئەدەبی کرێکاری) یان (ئەدەبی نەتەوەیی) یان (ئەدەبی ئیسلامی) هەتادوایی ، هەموو ئەم پێلین کردنانەمان ڕەت کردەتەوە ، بۆ هەکاری کە ئەدەب و شیعر بوونکی گەردوونییان هەیە و هاوتەریبن لەگەڵ ژیان و بەها مرۆیی و مرۆقایەتیدا ، ناتوانین بەهیچ هەکارێکی ڕەگەزی یان ئایینی یان ئایدیۆلۆژی ، ڕووبەڕ گەردوونیکەی بچووک بکەینەوە و چوارچێوەو بازنەیکی بۆ دەوردا بکەشین . بۆ نموونە شاعیرکی ئافرەت وەک دەنگکی مۆ دەتوانێت هەست و خەون و خەمەکان و خەزگەکانی خەی بۆ زمانی شیعری بەرجەستە بکات بەبۆ ئەوەی بەبێ ژنە شاعیر یان ئەدەبی ژنانە بۆ شاعیرکی پیاویش بۆ هەمانشێوە ، ئەوەتا ئەم شیعرەی خاتوو ئیمان نموونەیکی زیندووە بۆ ئەو قسەو بیرکردنەوانەی ئەمە ، کە بۆ زمانکی شیعری نایاب و پڕ چێژ و ئیستاتیکا ، خەمە کچانیەکان و مەینەتیی خەی دەربێوە ، مامەڵەی لەگەڵ خەم و خەون و خەزگە سەربەاوەکانی خاتوونک کردووە ، کە لە چوار چێوەی چواردیواردا ژیانە ئازار و خەمەکانی خەی دەنووستەوە ، مامەڵە لەگەڵ کەلوپەلەکانی چێشتخانە و کارکانی چێشت لەنان و پاککردنەوە و حاجات شەردن و ئەوکارە ژیانییانەی کە لە کەمەگە دواکەوتووکان تەنها بەکاری ئافرەت داندراون و ناوبراون ، بۆ زمانکی چەند شاعیرانە و بۆ ئیستاتیکایکی چەند نایاب دەڵێت : بۆ پەڵەی خەزگە و خەونکانی گەردوو تەزی شووشەی پەنجەرەکە لادەبات ، یان بۆ کەپەی ئاگری ناخی خواردن لەدەنێت ..! بەڵاستی جوانکاری و داهێنانی گەورە لە پشتی ئەم دەستەواژە و ستە شیعرییانە دەبیندرێن ، خەم و هەستکی ژنانە ، بەکارهێنانی وشەکان لەشوێنی گونجاو و واتادار ، ئیدی گەر بەم شیعرە بڵێین شیعری ژنانە ،، ئایا بچووک کردنەوەی ڕووبەری شیعر نییە ؟ ئایا دابەانی شیعر نییە

لە ووبەرە گەردوونیەکی ؟ ئیدی لە کۆتایی ئەم کۆپلەیە خەمەکان و نائومێدیەکان قووڵتر پێشان دەدات بەوەی : دیوارەکان نەفرەت لە خەیان دەکەن کە تەنها سێبەرکەرن و هیچیتر ، واتە بەهەی ئەم ستەم و چەوسانەوەیەی سەر ژنان و ئەم ناهەقی و نابەرابەریە دیوارەکانیش خەمبار و نائومێدن ..! هەر لە درێژەی گۆرانەوەی ئەم چیڕۆکە تراژیدیە لە شوێنکی تر دەڵێت :

تەنیایی بە تاڵکانی پرچیا هەڵواسیوە و
بەتاقەتی دەهێنتەوە
گۆڕستانێک لە چاوکانیەتی و بە سەدیەک بەهار
دیارە ئەم خاتوونە هەر پارچەیەک لە جەستەی یان هەر ئەندامێک لە لەشی هەما و دەربەی خەمێکی گەورەن ، خودی ئەم خاتوونەش هەمایە بە ژن یان جنسی مەینەت ، ئەوەتا تەنیایی بە تاڵکانی قژی هەڵواسیوە و چاوکانیشی گۆڕستانێکن بە سەدیەک بەهارەوە ، لەڕدا پارادۆکسێکی ناوازەی لەنەوان دوو چەمکی هاودژ و داهێناوە ، دوو چەمکی ناتەبای پێکەڵکاندووە لە وێنەیەکی شیعری جوان بە مەبەستێکی تایبەت ،، گۆڕستان و بەهار ، نائومێدی و ئومێد ، مردن و لەدایکبوونەوە ! .. گۆڕستانێک لە چاوکانیەتی و بە سەدیەک بەهار ! دەربەینێک و هێستە و دەستواژەیەکی شیعری جوان پە هارمانیا و پە مانا و مەبەستی گەورە . شاعیر بە هێستکی مرۆیانە خەمەکان بە هەندی جیاواز لە ئاستێکی بەرین باس دەکات لە دەرگای زەرێک لە خەمەکان دەدات بە هەوراز و نشێوەکان دەڕوات تا لە کۆتایی دەقەکە دەڵێت :

هەرخەی شانەکار و سیناریست و دەرهێنەر
هەڵی بوون و نەبوون دەگۆڕێت
ئومێدێک لە پشتی هەشی چاوکانیەوە پرشنگ دەدات
بەو هیوایەی هەژێک لە جەی خەر
ژیان هەڵبژێت ..!

لە دیماهی ئەو شیعرە ، هەڵی ئافرەت و جنسی مەینەمان لەنەو ژیان و گەردوون بە هەسم دەکات ، کە ئافرەت سەرچاوەی ژیان و بوونە ! هەر خەی خوەقێنەر و بکەر و بزوێنەری ژیانە ،، نەک هەر ژیان بەکو مردنیش ، واتە (بوون و نەبوون) هەرخەی هەموو شتێکە بە مردنیشەوە ، لەڕش پارادۆکسێکی نایاب لە نەوان بوون نەبوون یان مردن و ژیان وێنا کراوە ، کۆتاییەکەش بە ئومێدێکی گەورە کۆتایی پێدەهێنێت ، بەو هیوایەی هەژێک لە جیاتی خێت ژیان هەڵبژێت ..! ئەم ئومێد و هیوایەش هەمایە بە بەردەوامبوونی ژیان . جوانی ئەم دەقە لەوداید بە هێستکی مەینەت داپشراو و بە هێستکی گەورەی مرۆیی نووسراوە ، بە زمانکی شیعری و ئیشکردنکی تێخ لەسەر پارادۆکس و چەمکە دژەکان ، خودی جەستەی دەقەکە پارادۆکسێکی گەورەی تیایە

ئەویش ئەوەیە ، هەموو دەقەکە لەسەر نائومێدی ئیش دەکات بەڵام لە کۆتایی ئومێدەک و خۆزگەیەکی گەشمان دەخاتە بەردەم هیوا دەخوازی هەژێک لە جیاتی خەڵەر ژیان هەبێت …!

٢٠ی ئـــابی

٢٠٢٣

ماوێتی

گفتوگۆ لەگەڵ شانۆکار سلێمان گۆڵاڵی.. سازدانی- کامەران حاجی ئەلیاس

سلێمان گۆڵاڵی: شانۆی کوردی بەگشتی لە هەوڵەر بەتایبەتی گەلێ ئاستەنگی لەبەردەم دروست بووە
سلێمان گۆڵاڵی: شانۆی شۆقام تاکەڕەگایە بە بەردەوام بوون و گوزارشت کردن لە ناسەریەکانی ژیانی جەماوەر

هونەرمەندی شانۆکار و نووسەر "سلێمان گۆڵاڵی" ماوەیەکی زۆر لە بواری شانۆ و نووسین دا کار دەکات هەرچەندە سەرەتا بە شیعر هاتە نێو جیهانی ئەدەب و هونەر بەڵام لە کۆتاییدا خۆی لە نێو هونەری شانۆدا خۆی دیەوە وەکو نواندن و دەرهێنان خاوەنی چەندین کاری شانۆیی، لە هەمان کاتدا خاوەنی چەندین کتێبی چاپکراوە، بە زیاتر ئاگاردار بوون لە کارو چالاکییەکان لە نزیکەوە ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵی سازدا:
هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس

*سەرەتا بە خوێنەرمان باس لە ژیانی هونەری خۆت بکەیت
شانۆقان (سلێمان ئیبراهیم قادر) زیاتر بە (سلێمان گۆڵاڵی) ناسراوم،لەساڵی 1965 لەگەڵکی سێیداوێی شاری هەولێر لەدایکبووم، خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی (بەتوش و بەسە) و ناوەندی لەچیمەنی کوان لەسێیداوە تەواوکردووە هەر لەناوەندی دەستم

کردووە بەشیعر نووسین لەچەند قیستیڤالی شیعریم بەشداری کردووەو خەڵات کراوم بەداخەوە نووسینەکانی ئەو سەردەمیم لە وون بووە لەپەیمانگای هونەرجوانەکانی موسڵ وەرگیرام، تا قۆناغی چوارەم لە لەموسڵ خوێندن، دواترگوراستراموە، بە پەیمانگای هونەرجوانەکانی سلێمانی" ساڵی 1988 پەیمانگام تەواو کرد" بەشداری چەندین شانۆگەری کردوە وەک ئەکتەرو دەرهێنان و کاری هونەری لەوانە (ئیمپراتەر جەنز/ دەرگا/ برایانی هەریاس/ قەڕەج/ کەرشین/ هیمید جوڵەت/ شتەکانی ئەم هەژگارە/ بەسەر شەستەی نەویستەوە/ بارانی ژەر خەر)" ساڵی 1983 بە 1985 بووم ئەندامی تیپی شانۆی شەماڵ لەبنکەی لاوان بەشداریم کرد لەشانۆگەری (خزم و ناسیار/ خەڵکی گوندەکەمان/ میرات/ سمایل و مامز) لەنووسین و دەرهێنانی مامۆستا (سەمیر عەبدولستار)" لەوماوەیدا چەندین پارچە شیعرو چیڕۆکی لەگەڵ هەژنامەکانی (هاوکاری/ بەیان/ عێراق/ کاروان/ هەنگین) بڵاوکردووە، بەشداری کۆڕی شیعری کردووە لەهەولێر و سلێمانی" ساڵی 1987 بەشداری فیستیڤالی دهۆکی کرد بەشانۆگەری (دەنکە شقارتە) لەبەرهەمی تیپی کاروان پلەی دووەمان بەدەستهێناوە" ساڵی 1988 بووم ئەندامی تیپی شانۆی هەگورد لەسلێمانی شانۆی (خەناسەکان) ی پێشکەش کردووە" ساڵی 1993 لەڕادیۆی قوتابیان و لاوان دەرهێنەرو بەژەرو ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامە بووم تاساڵی 2001 لەڕاگەیاندن بەردەوام بووە لەڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلان – هەرەم – نەورۆز – لقی دوو" دواتر گواستراموە بەبەشی ڕاگەیاندن لەوەزارەتی ئەوقاف" ساڵی 1999 بەشداری لەخولی سینەما کرد کەلایەن سەلمان کاکەیی بەڕێوە دەچوو،هەر لە خوولەکە کورتە فیلمی (لەخەبایی) دەرهێنا. ساڵی 2007 بەخوێندنی بەکالۆریۆس چووتە کۆلێژی هونەرجوانەکان" لەوێش ئەو بەرهەمە شانۆییانەی بەرهەم هێناوە (گیانی ئیلیانەرا) (ڕووی خاک – دەرهێنان) (سواکەر – نواندن) (کۆتایی گەمە – نواندن)" هەر لەساڵی 2007 بەهاوبەشی ژیلوان تاهیرو سەباح حەسەن "گروپی شانۆقانی کوردی"مان دامەزراند و چەند بەرهەمکمان پێشکەشکرد وەک ئەکتەرو کاری هونەری تر بەشداری لە چەند بەرهەمک دا کرد وەکو (وەرزی بەهار/ هەولێر نابەز/ ئاوینی تەنیایی/ گەڕانی دیموکراسی/ نەورۆزو بەهار/ فەرهادو ئاوینکی تر) لە ساڵی 2010 خوێندنم تەواو کرد و بەشداری (5) هەرگشپی شانۆیی لەگەڵ هەکخراوی ئەمریکی و (5) شانۆیی لە بەرهەمهات کە لەهەولێرو سلێمانی و دهۆک نمایش کران (خەمەکانی ئازاد/ مەریەمانە/ پێکەنینی شادی/ چیڕۆکی کچبەرک/ زەمانی شەواو)" هەر لەساڵی 2010 کاری دەرهێنانی بە(دەرچوانی گەنج/ دەزگەی/ پەرپوت/ خاونی ئەبابیلەکان) کردووە" ماوەی دوو ساڵ سەرکی

گروپی شانۆقانی کورد بووم" ماوەی چوار ساڵ سەرکی تیپی شانۆی تیشک بووم" ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان"-م هەروەها خاوەنی چەندین کتێبی چاپکراوم.

*ئەوهونەرمەندانە کامەن کە کاریگەریان لەسەر تۆ هەبووە یاخود بە کارەکانیان سەرسام بوویت؟



سلێمان گۆڵاڵی

- سەرەتای هەشتاکان بیناری چەندین درامای کوردی و عەرەبی بووم کاریگەریان دروست کرد بۆ ئەوەی دونیای هونەر هەبژێرم و بچمە پەیمانگە بۆ ئەوەی بتوانم بشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی تێکهەڵکێشی هونەر بم و ڕەگی خۆم ببینم
- لە ئێستادا، ئاستی شانۆی کوردی چۆن دەبینی؟
- شانۆی کوردی لە هەوڵدەر بۆتایبەتی گەلێ ئاستەنگی لەبەردەم دروست بووە کە هونەرمەند نەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت. بۆیە پێویستە پاڵپشتی تەواوی بکرێت و ئاسانکاری بۆ بکرێت تا بتوانێت هەنگاوەکانی گەورەتر بکات. هەر چەندە لە ماوەی ڕابردوودا چەندین کاری خۆبەخشی بۆئەنجام گیشت بەڵام نەبووە هەی بوژانەوەی هونەری شانۆ. بۆ هەی ئەوەی لە کاتی هەبوونی بودجە و پاڵپشتی دارایی هونەرمەندە خۆبەخشکان پڕاوێژ دەخرێن کە دەبێتە هۆکاری خاوبوونەوەی هونەرمەندان.
*شانۆ چۆن دەتوانێت گوزراشت لە ناسەریەکانی جەماوەر بکات؟

- شانۆی شۆقام تاکەرگایە بۆ بەردەوام بوون و گوزارشت کردن لە ناسەریەکانی ژیانی جەماوەر، چونکە تێچووی کەمە بۆ

کەرستەی ساکار ئەنجام دەدرێت لە هەمان کاتدا چڕ بەخشە.

- بەڕێزتان لە بواری نووسین خاوەتان ڕەنگینە ئێگەر بکرێت ئاماژە بە کتێبە چاپکراوەکانت بکەیت؟
- کتێبی یەکەم بە ناوی "مەدالیای قەرەجەکی شەرمەزار" بوو کە کتێبێکی شیعرییە لە ساڵی 1997 بڵاوکراوەتەوە. کتێبی دووەم بە ناوی" دەرچوانی گەنج" بوو کە کۆمەڵێک دەقی شانۆیی لە خۆدەگرێت لە ساڵی 2010 بڵاوکراوەتەوە. لە سێنتەری داهێنان لە هەولێر چاپکراوە. کتێبی " پێشەوای شانۆقان"چەند ووتار و لێکۆڵینەوەی شانۆیی پێک هاتووە لە ساڵی 2023 لە چاپکراوەکانی ڤیستیڤاڵی شانۆیی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر بوو. کتێبی " دەزگای ئادەم" کۆمەڵێک دەقی شانۆییە لە ساڵی 2023 لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی بۆغدا چاپکراوە. دوا کتێبم بەرگی یەکەمی "بیۆگرافیای زانایانی ئایینی" لە ساڵی 2023 لەسەر ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- بە پرۆژەی داهاتوو چیتان لە هەگبە دایە؟
- لە ئێستادا خەریکی بەرگی دووەمی "بیۆگرافیای زانایانی ئایینی" م لە هەمان کات دا وەک کاری هونەریش داواکاریمان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر کردووە کە کار لەسەر دەقی شانۆیی ئادەم بکەین. کەی ڕەزامەندی وەرگیرا. دەست بەکارکردن دەکەین.



ئەوارانە -٤٧.. شیعری سەردار جاف

ئەم ئەوارە
تاوە بارانە چراتەی شەهلایی هەکردووە
فیرقەتی ئەو
گەژاوە سەرابی ونکرد
پەگوی ناهومێدی
لە خەزانی غوربەتیما دەرخستووە
سەردەمی تراویلکەیی
ژاوەژاوی ئاوەزمە
چەمانی سەوز
فەرشی بزە و پەکەنینی راخستووە
شەکرە شەە
دەمودوو بوو
دەرگای داهانی بە خەمی
بسکی ئەم گەها سورانی شەبیە
بە ناو بانی رەحانیا دەن و دەچن
ئەو نیگای شەوزەنگە ڕی
چیدی نابەتە خەات و
تاوە سزە بە گەردنی ئیشق دەلکە و
سەر و قامەت بەی ملکەچن
ئەم دەدەنگە
بەکەتایە
تاو نا تاوە شەستبارانی بەهارە و
زەمانە دە
گەرما پروکەنی هاوین
ئەم سەرمایە لە پاییزا هەدەکات و
بە نەو کپی و بەدەنگی شەوی دوورو درژ
ڕە دەبەت و
هەر خەزانە و دادبارە
شووشە و دەکە

بە بن پەی غوربەتیما دە
کەچی لەر نیگاکانمان شتانیە و
دوور لە چاوین
شەو نامەیی خە دەنووسم
حەرف وەکگرتوو و یاخی
وشەکانیش دەبنە مەتەکە و لەم دەئاهەن
دەربەدەری رەمنەکە
دەبەتە برین و خەرند
لە گرەکوەرەی پیرەژنە دەچە کە عانەکانی خەشبوە
کوشتەی یەکین و حەزەکانمان وا دەناهەن
تە دەزانی هەر پەکەوە گەشکراوین
بە بە تە من زەر بەکەسم
خەشم دەوەی خەشویسترین کەسم

٢٠٢٣ / ٧ /٣١

---

١٣ کەپلەکەی ژیــن و دە.. شــوان عەباس بەدری

دەستەك لە دەرگای دەم نادات
دەمەکە تەنیایی لە خەی مارە کردووە

لە سەر لمی کەنار دەریای ژیانم
هیچ جە پەیەکی یادگاری بە دی ناکرەت
هەشەبایە و هەشەبایە و هەشەبا !

دەمە ساهە مانگە شەو
لە ئاسمانی چاوەکانم تەراوە
ئاخە دەبەت هەنگی

مانگ ئەستا چەن بێت ؟

ئەستا مەمە فرمێسکاویێکەی تەمەن
گەچان بەدەست
بەرەو گەرستانی کوژانەوە بەرەوێ و
چاوەڕێی دوو دەستی میهرەبانە
بێ خامۆشی !

سەگێ تەنیا و ناشیرینەکەی شارەکەمان
بێ ئومێدی لێتە سەز
ئەقروسکێنە
کەچی وەك هەمیشە
جگە لە بەردەکی دەرەقی پێ لە بەدارکردنەوە
کەس دەستەکی پێ سەزی بە سەرا ناهێنە !
**
خەون ئەبینم دیسان ئەژیم و پێئەکەنم
کەچی ژیان خەونەکەم لە دەکات بە مەتەکە !
**
کە مناڵ بووین بە گاتەوە ئەگریاین
کەچی ئەستا ...
ئاخ بە گریانەکی سەردەمی منایمان !
**
نامەوێ خودا خاڵی کەتایی تەمەنم دانێ
مەگەر خەم دەستم نییە!
**
بێ تەنها خۆن سەمبولی کووشتن نییە
من سەدان جار خەمم دیوە
لەناو ئاوێنەژەنگاویێکەم
بێ ووشەیەك کوژراوم !
**
کوا کەتری سپی سەمبولی ئاشتییە
کەترەکی سپی نازدارم ئەناسی
دواجار بێ کەردەکی کول
دەرووەنی سەر بەیم و

هەتا ئێستاش بە ئازارەوە ئەتلەمەوە و
پێلەقاژەی مەرگم!
**
دەنگەك لانكەی ناخم ئاژەنە
داریوش
بە خەی و ژە خەمناكەكەیەوە
گوناوی پیت
بەسەر دەم ئەبارێنێت !

ساتژمێری تەمەنم پێش ئەخەم
جگە لە ژیان هیچ شتێكی ترم نییە
تا لە دەستی بەم !
**
فریشتەیەكی درك بەدەست
بە جلی ڕەشەوە بەرەو ڕووم دێت و
داوای هەناسەكانم ئەكات !

پێنج بروسكە شیعر.. نوسینی هەدی گۆڵاڵی

ئەكسجین
من و تۆ
لە ئاو ئەچین
هەر یەكەو دو هایدرۆجین
من بۆ تۆ هەناسە و
تۆ بۆ من ئەكسجین.

ماچ
ئەگەن شەراب
چەند كەن ببۆ خەشتر ئەبۆ
ماچی لێویش

چەند تازە بە تەتر ئەبە

مەچەک
ترپەکانی دڵی منە
چرکەژمێری سەعاتەکەی
مەچەکی تۆ...
هەر چەند دور بم
وا هەست دەکەم
دەم وا لە دەستی تۆ...

بەیاخچی
بە دەستە بچوکەکانی
فلچەی بەیاخ
دێنە و دەبا
کە سەیری ڕوخساری دەکەم
وای دەبینم :
سەختی ژیان
ئەو دێنە ودەبا!!!

دزی

من دز نیم
تەنیا دو شتم لێت دزیوە
ترپەکانی لێدانی دڵ و
عەتری هەناسەی سینەت!

دەمەو.. شەمەبارەوانی

بەیانی

لەگەڵ دەنگی یەکەم ترپەی هەناسەی خودا،

لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی خەر،

دەمەو.

دەمەوێ و
وەکوو جاران سروودی پەکەنین بێ کۆتە عازەبەکانی دێ دەچێین و
ئەوارەی شیعرمان پێ دەکەین لە خەونی ئاشقانە.

دەمەوێ و
ئامێزت دەکەم بە سەرین و
ئەو تیرە پەچڕەدەکەینەوە کە باس لە ئاوابوون دەکات.

دەمەوێ و
لە نزیک دووەیانی بێ ئومێدی، نەمامێک بێ پەیمان دەڕوێنین و
لە پەدەشتی دابڕاندا کانی بیرەوەرییەکان دەژیێنینەوە.

دەمەوێ و
لە هەواری جێژواندا
زیوانی ئازار لە دەفتەری چاوەوانی بژاردەکەین
و
خەمان لە هەراسان خاڵی دەکەینەوە

دەمەوێ و

قافیەی حوزن دەشکێنین
و
ئیتر هەها هەها دەبین.